www.kurdistannet.org
11/07/2003 03:24

# ئاوڕدانەوەیەك لە سیستەمی سیاسی و سوننەتی حزبایەتی لە کوردستان

ڕێبوار کەریم وەلی

ئـەم بابەتەی بەر دەستتان، بەم ناونیشانەی سەرەوە ڕەنگبێ گەلێك لەوە فراوانتر بێت کە من لێرە دەمەوێ لێی بدوێم. لێ تا بۆم بکرێ هەوڵ دەدەم لایەنە سۆبجەکتیف و ئۆبجێکتیڤەکانی ئەم بابەتە بخەمە ڕوو.

ئەم بابەتە لەمڕووەوە جێی بایەخە کە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی لە کوردستان بە سەرکردایەتیی دوو حزبی کوردی پێی ناوەتە قۆناغـێك کـە لـە هەمـوو ڕوویەکـەوە تازەیـە: بەشێکی هەرە زۆری ئامانجەکانی بزووتنەوەکە کە پتر لە نیوسەدەیە بە شێوەیەکی بـەردەوام خەباتـی بـۆ دەکات هاتوونەتە دی و، ئامانجی وەکو کوردستانییەتی کەرکوك، نەهێشتنی تەعریب و ئەنفال و لە هەموو ئەوانـەش گـرنگتر هەڕەشەی بەردەوامی حکومەتی ناوەندی لە بەغدا، کە میحوەری یەکگرتوویی نەتەوەیی و بەردەوامیی خەبات بووە لە پێناو مانەوەدا، نەماوە.

ئەگـەر تـا دوێـنێ ناسیۆنالیزمی کوردی کۆمەڵێك لەمانەی وەکو دەستمایەی فکری بەکاردێنا و کاری لەسەر دەکردن، یان ئەحزابـی ئێمە لەکاری سیاسییاندا ڕیفرانسیان لێوەردەگرتن، ئەمڕۆ ئەمانە بەشێکیان هاتونەتەدی و پێویست دەکات حزب وەکو دامەزراوێکـی سیاسـی و مەدەنـی بـەر لە هەموو شتێك بەخۆیدا بچێتەوە و ئینجا بۆ ئەم قۆناغە تازەیەش بەرنامەی کاری سیاسی پێبێت. بەرنامەیەك کە لەخزمەت پێشکەوتنی کۆمەلایەتیو فەرهەنگی، سیاسی و ئابوریدا بێت.

هەمـوو ئەوانـەی هاتـوون حـزبیان پێناسە کردووە (لە ژێر هەر کاریگەرییەکی فکری یان ئیدئۆلـۆژیکیشدا بوو بێت) لـەسەر ئـەوە کـۆك بـوونە کـە حزب بریتیە لە گروپێکی ڕێکخراو، بە بەرنامەیەکی سیاسیی دیارکراو لە پێناو گەیشتن بە دەستەلات. .
لەمەشـدا چوار مەرجی ڕێکخراوبوون، خاوەندارییەتی بەرنامەی سیاسی و ئیدئۆلۆژی، یاسایی بوون (ڕەسمی بوون) و خەبات بۆ گەیشـتن بـە دەسـتەلاتی تـێدایە و، نەبوونی هەرکام لەوانە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو گروپەی ئێمە باسی لێوە دەکەین لە قالێی (حزبێکی سیاسی) دەربچێ و بێ بە گروپی ناحزبی.

بـزووتنەوەی شۆڕشـگێڕیی کوردسـتان لـەو کاتـەوە کـە بـڕیاریدا لـە شـێوەی حزبـی ڕێکخراودا درێژە بە خەبات بدات، هیچـکاتێك نەیتوانی ڕۆڵی حزبێکی سیاسی بە مەفهومی کاری سیاسی بە پێی مەرجەکانی سەرەوە ببینێ، ئەویش لەبەر ئەوەی کە بەبـەردەوام لەلایـەن دەسـتەلاتی ناوەندییەوە بە یاساغی مایەوە و ڕێگەی پێنەدرا کاری سیاسی ئازادانە ئەنجام بدات. بۆیە زۆر بە جـورئەتەوە دەتـوانم بیێژم کە تا بەر لەراپەڕینی ساڵی ١٩٩١ هیچ حزبێکی کوردستان بە مەفهومی هاوچەرخ، حزبێکی سیاسیی تـەواو عـەیار نەبـووە. دوای مـێژووەش جۆرێکی دیکە لە حزبایەتی دەست پێدەکات کە ئەویش خۆی لە خۆیدا لە ژێر هەندێ کاریگەریدا دیسان ڕێگر بووە لەوەی کە حزب بەرۆڵی ڕاستەقینەی خۆی لەکۆمەڵگادا هەستێت. ئەوەی من دەمەوێ حزبەکانی کوردستانی پێ بەراورد بکەم فۆرمی ئەمڕۆی حزبە لە دنیادا کە بە بەرهەمی سەردەمی نوێ و دروستبوونی دەوڵەتە نەتەوەییەکان و بەرقەرارکردنـی ڕژێمـە پەرلـەمانـیەکان لەقەڵـەم دەدرێ. ئەم پرۆسێسە لە سەدەی هەڤدەوە لە ئەوروپا دەست پێدەکات و لە سـەدەکانی هـەژدە و نـۆزدە کامڵ دەبێت. حزبەکانی ئەمڕۆی دنیای پێشکەوتوو و دیمۆکرات بە پێچەوانەی سوننەتی حزبایەتی لەکوردسـتاندا بەرهەمـی ڕژێمـی پەرلـەمانـیین واتـا ڕژێمـی پارلمانـی بـەر لە دروستبوونی حزبەکان دێتە ئاراوە و دوایی حزب (کۆمەڵـی هەڵبژاردنـی) درووسـت دەبـن. لە کوردستان بە پێچەوانەوە، سەرەتا حزبەکان و دوایی ڕژێمە پارلمانییەکە دروست بوونە. ئینجا گەورەترین کێشە ئا لێرەدایە، لە دنیای دیمۆکرات و مەدەنیدا شەرعییەت دروست بووە و ئەحزاب و دامەزراوی دیکـە لەخـوار ئـەو شـەرعیەتەوەن، کەچـی لێـرە حـزب شـەرعیەتە و پارلمان و حکومەت ودامەزراوەکانی دیکە لە خوارەوەی حـزبەوەن. ڕوحـی حکـومەت و تێکـڕای ڕژێمی سیاسی و ئیداری، کۆمەلایەتی، فەرهەنگی و ئابوری لە ماهییەت و کارکردی حزبدا کورت بوونەتەوە.

ئەم سیستەمە سیاسییە کە شەرعییەت و مەرجەعەکەی خودی حزب بووە، بێئەوەی بەرنامەیەکی سیاسیی دیاریکراوی بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و فەرهەنگی پێبووبێت، لە سەر میراتی دوێنێی خۆی ژیاوە و هەڕەشەی دەرەکی و پشتقایمکردنی خەڵك بە هێزی چەکداری لە دیفاعکردن لێیان، متمانەی خەڵکی بۆ دابین کردوون.

دروشمەکانی حزب لە قۆناغی بزووتنەوەی شۆڕشگێرشییەوە گوێزراونەتەوە بۆ قۆناغی خەباتی سیاسیی سیڤیل و حزب نەیتوانیوە باز بە سەر میراتی توندوتیژانەی سەردەمی بەر لە خەباتی شاری بێنێت، ئەویش بەو بەڵگەیەی کە حزب نەیتوانی دەستبەرداری میلیشیا بێت و ساختارە ستالینیە نێوخۆییەکەی خۆی پاراست.

حزب بەم فۆرمەی ئێستای لە کوردستان، درێژەی پەیدابوونی ئەحزابی سوسیالیستییە کە باوەڕی بە میلیشیا (لە دوای گرتنە دەستی دەستەڵاتیش) هەبووە. لە رووی ساختاریشەوە، داخراو، ئاڵۆز و بەندبووە بە سیلسیلەی پلەوپایەی جیاجیا. حزب لای ئێمە بە حوکمی ئەوەی خۆی لە پلەی مەرجەعییەتدا دیتۆتەوە، لە کەنترۆڵکردنی بوارەکانی ژیاندا قسوریی نەکردووە و وەهمی پیرۆزی و مانەوەی تاهەتایی لە دەستەڵاتدا وایکردووە کە نەك لە دەرەوەی خۆی بگرە لە ناوەوەی خۆشی ریگە بە دەنگی موخالیف یان رەخنەگرانە نەدات. لە بەرامبەر هەر کار و کردەوەیەکی لەم چەشنەدا ئیعلانی شەڕی کردووە و ئەگەر قسورییەکیشی لە ئەندامێکی خۆیدا شك بردبێ بە توندترین شێوە سزای بۆ بڕیوەتەوە. لەو جێگەیەیڕا کە حزب رەنگدەرەوەی سیستەمی سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و ئابوری بووە و، تێکڕای ئەو بوارانەی پاوان کردووە، کۆمەڵگا لە دواکەوتوویی و پێشکەوتن بە پێی معیارەکانی حزب راهێندراوە. دیارە هەموو گەشەکردن و پێشکەوتنێك لە کۆمەڵگادا لە رێگەی بەرنامەی سیاسیی حزبەکانەوە، بەڵام حزب لە کوردستاندا بێبەرنامە بووە و، ئەوەی خەڵکی کوردستان لە ١٩٩٢ دەنگیان بۆ دا بەرنامەیەکی چڕوپڕی سیاسیی هەمەلایەنە نەبوو، بگرە خەڵك دەنگیان بۆ رابردووی حزب دا نەك بۆ داهاتوو.

ئەو تابلۆیەی کە لە ١٢ساڵی رابردوو لەبەرچاوە، سەرچاوەیەکە بۆ دیراسەکردنی سیستەمی سیاسی لە کوردستاندا و پێموابێ ئەمڕۆکە زانایانی زانستە سیاسییەکان لە لێکۆڵینەوە لە جۆری رژێم و دێمۆکراسی و بوون و نەبوون پتر لەوەی ماهییەتی ولاتان و دەستورەکانیان بە نمونە وەربگرن، پەنا بۆ رێگەیەکی درووستتر ئەویش دیراسەکردنی سیستەمی حزبیی ئەو ولاتانە دەبەن تا بزانن بەراستی ئەم ولاتە چۆن پۆلین دەکرێ. ئەگەرچی ئیدعای ئەوە دەکرا و هێشتاش دەکرێ کە لە کوردستاندا ئێمە تابیعی سیستەمێکی فرە حزبی بووینە، بەڵام هەقیقەت شتێکی دیکەیە و دوو حزبی سەرەکی بە بێ تەداول بە دەستەڵات و بەدابڕینی بە شێکی خاکی کوردستان لە ناوچەکانی بن دەستەڵاتی خۆیان رژێمێکی تاکحزبییان هێنابۆ کایەوە. دوای یەکلانەبوونەوەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٢ سیستەمێکی حزبیی ئەوتۆ هاتەکایەوە لە لەمێژووی سیاسی هاوچەرخدا کەموێنە بوو. سیستەمێکی دوو حزبی کە لەیەك کاتدا هەردوو حزب لە دەستەڵاتدا بوون!بە پێچەوانەی سیستەمی دوو حزبی کە تێیدا یەکێکیان حوکم دەکات و ئەوەی دیکەیان ئۆپۆزیسیۆنە، لێرەدا هەر حزبە، هەم دەستەڵات و هەمیش ئۆپۆزیسیۆن بوو!ئەمە ناو نرابوو ئیئتیلاف، بەڵام خودی ئەم ئیئتیلافە لەبری ئەوەی خیلافات لە نێوبەرێت جۆرێکی فراوانتر و قوڵتری لە خیلافات هێنایە کایەوە کە درێژەی نەکێشا و بەشەڕێکی قورس و خوێناوی ناوکی بڕا. دوای ئەمە سیستەمێکی تاکحزبیی رەها (ئەڵبەتە بە رواڵەت فرەحزبی" چونکە هەردوولا کە حکومەتیان پێك دەهێنا ناویان لە حکومەتەکانیان دەنا ئیئتیلافیی پێگە فراوان و هەوڵیان دەدا ئەحزابی بچوکی وابەستە بە خۆیان لە نێو ئەو حکومەتەدا لە پۆستی کەمبایەخدا جێبکەنەوە) دەستی پێکرد کە تا ئێستاشی لە گەڵدا بێت ئەم سیستەمە بەردەوامە. ناوچەکانی دەستڕۆیشتوویی (نفوز) دیاریکران و لەوەشەوە ئەم سیستەمە نەیتوانی هاریکاری کرانەوەی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی بێت. سیستەمی سیاسی لەسەر بنەمایەك دارێژرا کە بەتەواوەتی لەبەرژەوەندیی هەردوو حزبدا بوو، بەواتایەکی رێگە لە درووستبوونی حزبی سێیەم گیرا و سەرەڕای ئەو هەموو خیلافەی کە لە نێوان ئەم دوو حزبەدا هەبوو، هەردوو حزب لەسەر ئەوە کۆك بوون کە رێگە نەدەن لە سەر حیسابی ئەوان حزبی سێیەم یان هێزێکی هاوتای ئەوان بێتە مەیدانەوە. تەجرەبەی مامەڵەی پارتی و یەکێتی لەگەڵ ئەحزابی ئیسلامی و ئەو گروپانەی کە چاوەڕوانیی ئەوەیان لێدەکرا گەورە بن، نمونەی بەرجەستەی ئەم قسەیەی منن. ئەڵبەتە ئەوە هەقی شەرعیی هەموو حزبێکی سیاسییە کە رکابەری لەگەڵ ئەحزابی دیکەدا بکات، بەڵام ئەگەر هاتوو حزب دامەزراوەکانی ولاتی بۆ

ئـەم كارە بەكار هێنا و شەرعییەتی نیشتمانی و نەتەوەیی بەم كارەی خۆی دا، ئەو كاتەیە ئەم كارە ناشەرعی و دور لـەمەدەنییەتە. بـۆیە خـیلاف و شـەڕی نـێوان یەكێتی و پارتی كە لـەسەرەتادا چاوەڕوانیی ئەوەی لێدەكرا بەزیانیان تەواو بێت و لـەپاڵ ئەوانەوە حزبی سێیەم قوت بێتەوە، بە پێچەوانەوە كاری كرد. ئەم خیلافە نەك هەر نەبووە هۆی ئەوەی حزبی سێیەم درووست بێت، بگرە دەستی هەردوولای لـە پوكاندنەوەی ئەم هەولانەشدا والا كرد. شەڕ ناكۆكی ئەم دوو حزبە كەببوە هۆی دابەشبوونی كوردستان و سیستـەمی سیاسـیی بەرەو داخراوەیی بردبوو بواری دوپاتكردنەوەی هەڵبژاردنی نەدا و كاری سیاسی بوو بەوەی كە لایەنێك بـۆ مانـەوەی خـۆی ئینتـیما بـۆ یەكێك لـەم دوو حزبە گەورەیە بكات (وەكو ئەحزابی بچوكی بەناو هاوپەیمانی یەكێتی و پارتی) یانیش بتوانێ وەكو حزبی شیوعی كوردستان یان بزووتنەوەی ئیسلامی و یەكگرتوو لـە هەردوو خەرمانەكە جۆخینی هەبێ.

هەردوو حزب بەناوی حكومەتەوە دەستیان بەسەر بەشێك لـە داهاتی ولاتدا گرت و بوون بە سەرچاوەی مەعیشەت و ژیانی خـەڵك، بەمپێـیە ژیانـی سیاسـی و فەرهەنگـی و كۆمەلایەتی و تەنانەت ئایینیش بوون بە پاشكۆی تێروانین و جیهانبینیی ئەم دوو حزبانە. ئەم سیستەمە پتر لـەوەی دەرهاوێشتەی باروزروفی ناوچەكە و نێوخۆی كوردستان بێت، ڕەنگدانەوەی ساختار و سوننەتی داخـراوی خـودی حزب بوو. حزبێك كە لـەسەر فۆرمی (ڕێكخستنی پۆلاییی) لینینی – ستالینی درووست ببوو و تێیدا پێڕەوی لـەسانتزالیزمێكی نادیموكراسی دەكردو نەیدەتوانی لـەوە پتری لێچاوەڕێ بكرێت.

حـزب، بـە هەمـوو جۆرەكانیـیەوە لـە كوردستان (لـەوسەری چەپ تا ئەوسەری ڕاست و ئیسلامی) لـەسەر فۆرمی ئەحزابی سوسیلیسـتی (شـانەی سـەرەتایی، شـانەی سـەرەكی، ڕێكخراو، ناوچە، لق یان مەڵبەند، كۆمیتەی ناوەندی یان سەركردایەتی، مەكتەبـی سیاسـی، كۆنفـرانس، كۆنگـرە، سـكرتێر یان سەرۆك و ئەندامیەتی توندوتۆڵ و بەردەوام، پەیوەندیی ستونیی ئەندامان لـەگەڵ بەرپرسان و هەبوونی باڵی سەربازی و. . هتد) بنیاد نراون و بە هەندێك گۆڕانكاری لـەو ناوانەی سەرەوە، هەوڵیان داوە بیسـەلمێنن كـە ئەمـیان لاسایی ئەویان نییەو كەچی نەك هەر ئەم ساختارە نێوخۆییە بگرە ئیدۆئۆلۆژی و خاستگاهی سەرهەڵدان و پـێكهاتەی حـزب (صـنفی، چـینایەتی وئایینی و. . هتد) نەیانتوانیوە بن بە هێڵكی درووست بۆ لێك جوێكردنەوە ئەم حزبانە لـە یەكتری.

ئـەم سـاختارەی لـەسـەرەوە باسمـان كـردو ساختارێكی داخراوە كە لـەمامەڵەكردن لـەگەڵ ڕووداوەكاندا ناتوانێ دێموكرات بـێت" چـونكە خـۆی لـە نـاو خـۆیدا بەسـتراوەتەوە و تابیعـی سانترالییەتە، ئەگەرچی هەندێكجار بڕیارەكانیش بە دێموكراتیانە وەربگیردرێـن. ئـەم حـزبە ناتوانـێ بەم ساختارە پێ بە بەرهەمهێنەری دێموكراسی یان لانیكەم لـەگەڵ سیستەمی دێموكراتدا هەڵ بكـات، چـونكە هەڵكردنـی لـەگـەڵ دێموكراسـی تـا ئەو كاتەیە كە دێموكراسی لـە قازانجی ئەودا كاردەكات و، ڕەنگیێ دوای بەدەسـتەلات گەیشتن ئەگەر بۆشی نەلوێ دامەزراوە دێموكراتیكەكان هەڵوەشێنێتەوە، لانیكەم جێپێیەكانی دیكتاتۆرییەتی زۆرینە وا قـایم دەكـات كـە نەهێڵـێ لـە خـۆی زێتر كەس تام لـە ئازادی وەرگرێ. ئەڵبەتە دەبێ ئەوەش بڵێم كە پارتی و یەكێتی یان حزبەكانـی كوردسـتان تاكـە نمونەی حزبی داخراوی دنیانین، بەلام بە تەجرەبە دەركەوتووە كە ئەحزابی داخراو دیكتاتۆرییەت و توتالیـتاریەت بەرهـەم دێـنن. سـوننەتی حزبـی داخـراو لـە مامەڵەكـردن لـەگەڵ ڕووداوەكاندا بە شێوەیەكە كە كۆمەڵگا وەكو ڕوحێكـی تـاك لـە لـەجسـتە و بوونی حزب و مرامەكانیدا بەرجەستە دەبێت و ئەوەش یارمەتی ئەوە دەدات كەوا بیر كەنەوە كە تاكـی كـۆمەڵ ئەگـەر لـەدەرەوەی ئەوانـەوە بـێت بـێمانا و بـێ ئەهەمیـیەتە. توێژەرەوانـی بواری زانستە سیاسییەكان ئەم جۆرە بیركـردنەوانەیان بـە جـۆرێك لـە دەستەلاتدارییەتی ئایینی چواندووە" چونكە ناوەرۆكی ئایین لایەنی دیكتاتۆرانەی هەیە و هەموو بوارەكانـی ژیـان دەگـرێتەوە. ڕەهایـە و خـۆی بـە سیسـتـەمێكی كامـڵ دەزانـێ و لـە هەمانكاتیشدا ئەو پیرۆزییەی كە دەیەوێ دەسـتەبەری دەكات. تەجرەبەی ئەحزابی ئێمە و ئەندامەكانی بە ئێوەیەكە كە ئەگەر یەكێك لـە حزبێكەوە بۆ حزبێكی دیكە هاتێ بـە چـاوی مـورتەد و لـە دیـن وەرگەڕاو سەیر كراوە. لـەم سیستەمەدا سەرۆك یان ڕێبەر قەت هەڵە ناكات، بۆ هیچ شتێك لـێی ناپێچنەوە و بەكورتییەكەی ڕۆحی میللەتێك لـەو دا بەرجەستە دەبێ وەك ئەوەی كە لـە هەموو قوتابخانەكانی ئیتالیا لـە ژێر هەموو وێنەكانی مۆسۆلۆنی نووسرابوو: ( (مۆسۆلۆنی هەمیشە لـە سەر هەققە) ) !

له پۆلینکردنی حزبەکانی کوردستان، بەو ساختارەی ئێستایان (بە بێگوێدانە درووشم و ئامانجەکانیان) ، دەتوانم بلێم هەر هەموویان دەکەونە نێوخانەی ئەحزابی داخراوی ئیدئۆلۆژیکەوەو هەرچەند کە هەندێکیان پێڕەوی لە ئیدئۆلۆژییەکی تایبەتیش نەکەن. بۆیە دەبینین لە ماوەی ١٢ ساڵی رابردوو هەموو هەوڵەکانی حزب بۆ درووستکردنی هەندێ دامەزراوی مەدەنی (کە گوایە لەسەرەتادا نیازی وابوو بەشێك لەدەستەڵاتەکانی خۆی پێیان ببەخشێ، بە دامەزراوی حکومەتیشەوە) فەشەل دێنین و جگە لە خودی حزب ناتوانن تەعبیر لە چیدیکە بکەن. ئەم تەجرەبەیەش بەوە تەفسیر کرا کە حزب گەرەکی بووە خەڵك چاوبەست و چەواشە بکات. نەبوونی ئەم دامەزراوانە و دەستکرد بوونیان، بە شێوەیەك کە ئەمانە لە روانگای پێویستیی مێژوویی و کاملبوونی پێبەپێی کۆمەڵگا و تاکەکانییەوە سەریان هەڵنەدابوو، پتر لەوەی یارمەتیی گەشەکردنی دێمۆکراسی بدەن و بوونە لەمپەر.

تابەر لە ئازادیی عێراق و نەمانی دیکتاتۆرییەت، حزبەکانی کوردستان لە روانگای بەردەوامیی هەڕەشەی رژێمی بەعس و هەندێ هێما و رەمزی نەتەوەیی، دەیانتوانی بەردەوام بن. خەڵی کوردستانیش کەمتازۆر گوشاریان بۆ نەدەهێنان. تەنانەت کاتێك بڕیارە و راسپاردەکانی پارلمان و حکومەتیشیان پێدەگەیشت خەڵکی کەمترین موناقەشەیەکیان نەدەکردن تا ئەو رادەیەی کە گرنگترین بڕیاری چارەنووسساز (بڕیاری فێدرالی) کە پەیوەندیی بە داهاتووی ئەم میللەتەوە هەبوو، بە بێ پرس کردن بە خەڵك و لە نێوان ئەندامانی پارلمانی هەردوولا وەرگیرا. دواتر ١٠ ساڵی خایاند تا ئەم دوو حزبە لە بەر سەرقاڵیان بە بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەلیڤەی ئەوەیان بۆ رەخسا بیرێك لە ئایندەی خەڵك بکەنەوە و بێژن کە ئەوان چ جۆرە فێدرالییەکیان گەرەکە!لەمەشدا خەڵك دەنگی نەکرد. هەرکام لەمانە بوونە هاوپەیمانی دەوڵتێکی خوێنمژی دەوروبەر و تا بۆیانکرا لە کوتانی یەکتری (لەسەر حیسابی خەڵك) درێغییان نەکرد. یارمەتیی سەقامگیری و ئاشتییان نەدا و هێز و شەرعییەتی خۆیان لە مانەوەی بارودۆخی نەشەڕ و نەئاشتیدا دەدیتەوە و، لەبەرامبەر هەموو ئەوانەشدا میللەت تەنها داوای ئاشتیی لێدەکردن. ئەم بارودۆخە ئەوانی تا ئێرە هێنا، بەڵام نوکە بارودۆخێکی نوێ دەستی پێکردووە و خەریکە دەستەڵاتی باوکسالارانەی حزب لە ژیانی ئێمەدا کۆتایی دێتو ئەمە بەمانای تەواو بوون و کۆتایی کاری سیاسی حزب نییە و تەنها ئەو شەرعییەتە دەستکرد و دەستەڵاتە رەهایەی لێدەستێنێتەوە کە خۆی بە خۆیی بەخشیبوو نەك میللەت. ئێستا حزب ناچارە خۆی بگۆڕێ و بیێ بە حزبێکی کراوە " چونکە ئەم قۆناغەی ئێستا هیچ یارمەتیی مانەوەی حزب نادا بە شێوەی جارانی و بگرە، رێگەشی لێدەگرێت. قۆناغی دوای ١٩٩١ لە کوردستان و ئەوەی ئێستا لەبەشی عارەبیی عێراق رویداوە لە دەرەوەی ئەو تیۆرە نییە کە دەڵێ تێشکانی رۆحی و پێخوستبوونی کەرامەتی میللەتێك دەتوانێ زەمینەیەکی لەبار بێت بۆ درووستبوونی حزبی باوکسالار و تاکڕۆ و، شۆڕشە گەورەکانی دنیاش دوای خۆیان تەجرەبەیەکی دەستەڵات یان حزبی باوکسالاریان بەدواوە بووە. ئەمە لای ئێمەش رووی دا و رەنگە هەمانشتیش وەکو ١٩٦٨ و هاتنی بەعسیەکان لە لای عارەبەکان دووبارە ببێتەوە.

شەرعییەتی شۆڕشگێڕی، زەبری چەك، سۆزی خەڵك و ئەو دەنگانەی لە ١٩٩٢ خرانە سندوقەوە، یەکێتی و پارتییان گەیاندە دەستەڵات. لێرە بەولاوە نەشەرعییەتی شۆڕشگێڕی و نەزەبر و کوتەك نایخوات و، هیچ بوارێك بۆ پاوانکردنی دەستەڵات بە شێوەی ناشەرعی نەماوە. بۆیە سەرەتاییترین کارێك کە ئەم دوو حزبە دەتوانن بۆ بەدەستهێنانەوەی متمانەی لەدەستچووی خەڵکی کوردستان بە ئەمجۆرە حزبایەتییە ئەنجامی بدەن ئەوەیە کە بەپەلە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەم ساختارە داخراو و نادیموکراتییەی خۆیان بدەن. هەڵوەشانەوەی ساختاری نادیموکراتی حزبەکان، بەمانای ئەوە نییە کە کاری سیاسی حزبەکانی کوردستان کۆتایی هاتبێت. بەپێچەوانەوەی لێرە بەولاوەیە کە کاری سیاسیی راستەقینە بە مەفهومی هاوچەرخ دەست پێدەکات. فۆرمولەکردنی بوارەکانی ژیان لەلایەن حزبەوە کۆتایی پێدێت و ئەو کارە بە دامەزراوی سەربەخۆی مەدەنی پسپۆڕ لەبوارە دەسپێردرێت.

شێوازی رێکخراوەیی کراوە دەبێ جێی ئەم شێوازە داخراوە ستالینی–لینینیە بگرێتەوە، ئەمە دەتوانێ ئاسەواری نیگەتیڤی و مەزهەبگەرایانەی حزبایەتی لەکوردستاندا کە برای بەگژ برادا دەکرد، بسڕێتەوە. بەشداریی حزب لە ژیانی سیاسییدا بەمە کەم نابێتەوە، بگرە زۆر زیاتر دەبێت. هەروەها ئەم بارودۆخە تازەیە حزب ناچار دەکات کە بەرنامەی ژیان (بە هەموو لایەنەکانییەوە)

بـه شـێوەیەك كه لەخزمەت گەشەكردنی دیمۆكراسی و مافەكانی مرۆڤدا بێت، پێشكەش به كۆمەڵگا بكەن. دەستڕۆیشتوویی و نفـوزی گروپەكانی وەك ئاغا، شێخ، مەلا و سەرۆك عەشیرەت كه فاكتۆری مانەوەی دواكەوتویین به سەر حزبەكاندا دەبیٚ كەم بكـرێتەوە. سیسـتەمی هەڵبژاردنـی پریمێـری پێـڕەو بكـرێت و بـەم شـێوەیە دەنگـدەران بەكـەمترین رادەی پەیوەندییان به حزبه سیاسییەكانەوەو زۆرترین بەشدارییان لـه سیاسەتی ولاٚتدا هەبیٚ.

لـه كۆتایـیداو دیـارە هەموو ئەوانەی كه لەسەرەوە باس كران لـه پێناو بەرقەراربوون و مانەوەی دیمۆكراسیی راستەقینەن لـه ولاٚتدا، دیمۆكراسیەك كه به دیكتاتۆرییەتی خەڵك نەپێودرێو بۆ ئەمە پێویست دەكات داواكاری بۆ نوێبوونەوە و كرانەوە لـه نێو حزبەكانیشـەوە ببیسـترێت. ئێسـتا زەمینەیەكـی لـەبار لەچـاو بەشـەكانی دیكـەی عێـراق كـه توشی ئالۆزی بوونه و لـه غیابی سـەركوتكاریدا پێـیان ناوەتـه قۆناغـی بەرەلاٚیـی سیاسـییەوەو لـه كوردستان لـه ئارادایە. ئەگەرچی جاریٚ كوردستان بەشێكه لـه عێـراق، بـەلاٚم دەكـریٚ ئـەم كـرانەوە سیاسـییە كـه بەسـەر تەجرەبەیەكی ١٢ ساڵی لـه حزبایەتیی داخراودا تێپەڕ دەبێت، ببیٚ به نمونەیەكی جیاواز و تایبەتی لـه داهاتووی عێراق و سیستەمی سیاسی و حزبایەتی لـه كوردستاندا.

كۆتایی

rebwar2001@yahoo. com

**تێبینی كوردستان نێت:**

**ئەم نووسینه بیروبۆچونی خاوەنەكەیەت، كوردستان نێت لـه ناوەڕۆكەكەی بەرپرسیار نییه.**

كوردستان نێت www.kurdistannet.org